بڵاوکراوەکانی کولتوور بۆ هەمووکەس 2/2020

وەشانخانە :ناوەندی خزمەتگوزاری کولتوور بۆ هەموو کەس /کۆمەڵەی لە پێناو کولتوورێکی یەکسان
نووسەر :حوسێن محەمەد
رێکخەر )رێداکسیۆن :(ریتا پاقڤالێن

چاپی یەکەم
ژمارەی تۆماری ISBN
ISBN 978-952-6677-59-0 (DOC)
ISBN 978-952-6677-60-6 (PDF)
ISSN 2341-913X

# زمانی من، وڵاتی من

## پێشنیاز بۆ باشترکردنی ڕەوشی وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکوورییی

ئامادەکەر: حوسێن محەمەد

ناوەڕۆک


پێشەکی ٢

١. بۆچی ڕاپۆرتێک لەسەر وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی ٢

مێتۆدۆلۆژی ٣

کورد، زمانی کوردی و وێژەی کوردی بە کوردی ٥

کورد و وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووری ٧

٢. ڕەوشی ئێستا و دژوارییی ٨

مەیدانی وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووری ٨

جۆرەکانی وێژە ٨

زمان ٩

ڕەوشی ژیان ٩

چ وێژە لە وڵاتانی باکووری بۆ کوردی وەردەگێڕرێت؟ ١٠

بڵاوکردنەوەی وێژەی کوردی ١١

خۆگەیاندن بە خوێنەران ١٢

پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی لێ هاتوو ١٤

دانووستاندن و هاوکاری لەگەڵ نووسەرانی دی ١٥

٣. پێشنیاز ١٦

بیبلیۆگرافیا

دەزگەکانی چاندی کوردی لە وڵاتانی باکووری

حوسێن محەمەد

Rapirsî (kurmancî)

Questionnaire (english)

ڕاپرسی(soranî)

Frågeformulär (sverige)

## :پ ێ شەک ی

ئەم ڕاپۆرتەی کە لە بەردەستی ئێوە دایە؛ سەبارەت بە ڕەوشی وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی یە.

لە دەمی سەرۆکایەتی فینلاند لە ئەنجوومەنی شالیارانی وڵاتانی باکووریی دا ساڵی ٢٠١٦، شالیارگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندرووستی لەگەڵ شالیارگەی پەروەردە و چاند و شالیارگەی کاروباری ئابووری و پەرەپێدان؛ دەست بە پڕۆژەیەکی بە ناوی "دەڤەرێکی باکووریی کراوە و نوێخواز لەگەڵ مرۆڤانی ڕەوشباش لە ٢٠٢٠- دەرفەتی وەکیەک بۆ خۆشگوزەرانی، پەروەردە، - یان ک رد (Norden ٢٠٢٠).چاند و کار"
خۆشگوزەرانی، وەکیەکی و هاوتایی، دەوڵەمەندیی چاند و پێشکەوتنی جێگیر هی کۆمەڵایەتی، بابەتگەلی هەمەلایەنی ئەم پڕۆژەیە سێساڵی (٢٠١٦-٢٠١٨)یەن، چالاکیی جۆراوجۆر "سیمینار، کۆنفرانس و ڕاپۆرت" لە پڕۆژەی (نۆردێن٢٠٢٠)دا بە ئامانجی پێشخستنی کۆمەڵگە خۆشگوزەرانەکانی باکووریی و لابردنی ئاستەنگییەکانی لە پێش پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی داهاتوو دان وەک کە هەر پێنج وڵاتەکە پەسندیان کردووە: دانیمارک، فینلاند، نۆرویژ و سوید لەگەڵ گرینلاند، دورگەکانی فێری و ئالاندا.
دەڤەری باکووریی؛ ئێستا ڕووبەڕووی هەندێک گۆڕانکاریی بنگەهیی تەلارسازی و دیمۆگرافی یە وەک لە سەرانسەری هەموو دنیاش هەیە. پێکهاتەی تەمەن لە وڵاتانی باکووری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی، داهاتووی کارکردن و گۆڕانکاریی ڕامیاریی نێونەتەوەیی و کۆچبەری؛ هەندێک بابەتی سەرەکین کە کاریگەری لە ژیان و ڕامیاریی ئەم دەڤەرە دەکەن.
یەکێک لە بابەتەکانی خوارەوەی پڕۆژەی (نۆردێن ٢٠٢٠) فرەزمانی لە وڵاتانی باکووریی یە. ئەم بابەتە لەژێر ناوی پرۆژەی "فرەزمانی و جێدەستی وەک سەرچاوە لە مەیدانی چاند-کارکردن و ئینتەگراسیۆن بە ڕێگەی وێژە لە وڵاتانی باکووری" کە لە لایەن ڕاژەی چاند بۆ هەمووانەوە بەڕێوە دەبرێ و بودجەکەی لەلایەن ئەنجوومەنی شالیارانی باکوورییەوە دابین کراوە.
پڕۆژەکە گرنگی بە مافەکانی زمانی نووسەران و خوێنەران و گفتوگۆی نێوان چاندەکان لە ڕێی وێژەوە دەدا. ئەم دەزگەیە پڕۆژە و ڕێکارەکانی لە وڵاتە جیاوازەکانی باکووریی دێنە پێش و پشتگیری و هاوکارییان دەکا. هەندێک لە ئامانجە کۆنکرێتییەکانی پڕۆژەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی لەسەر شارەزایی فرەزمانی لە وڵاتانی باکووریی، بەڕێوەبردن و پێشخستنی "مانگی فرەزمانیی باکووری" (٢١ شوبات – ٢١ ئازار، ساڵانە) و ئامادەکردنی ڕاپۆرتانی سەبارەت بە وێژە بە زمانە جیوازەکان لە وڵاتانی باکووریی یە.
ئەم ڕاپۆرتە؛ زمانی من، وڵاتی من. پێشنیاز بۆ باشترکردنی ڕەوشی وێژەی کوردی لە وڵتنی باکووری؛ سێیەم ڕاپۆرت دەربارەی زمانێکە کە ئەم پڕۆژەیە دەری دەخا. ئەم لێکۆڵینەوە یە ڕەوشی وێژەی کوردی لە وڵاتە جیاوزەکانی باکووری دەناسێنێ، پرسگرێکە سەرەکییەکانی دەخاتە پێش چاوان و پێشنیازان بۆ باشترکردنی ڕەوشەکە پێشکەش دەکا. لە ڕاپۆرتەکە دا ٨ پێشنیاز دەکرێن بۆ چۆنێتی بەهێزکردنی وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکوووریی.

Rita Paqvalên
ڕاژەی چاندی بۆ هەمووان

Kirsi-Marja Lehtelä
پلاندانەری سەرەکی بەڕێ وەبەری گ شتی
دەزگەی نەتەوەیی بۆ تەندرووستی و خۆشگوزەرانی

# بۆچی ڕاپۆرتێک لەسەر وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی؟

بە ژمارەی قسەکەران؛ کوردی یەکێک لە زمانە سەرەکییەکانی کۆچبەرانە لە وڵاتانی دانیمارک، فینلاند، نۆرویژ و سوید. لە سوید کوردی پێنجەمین زمانە پاش سویدی، فینلاندی، سربۆکرواتی و عارەبی (١) و لە لایەن نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ کەسەوە قسەی پێ دەکرێ(٢). لە فینلاند کوردی لە لایەن پتر لە ١٣،٠٠٠ کەسەوە قسەی پێ دەکرێ (٣) و حەوتەمین زمانە پاش فینلاندی، سویدی، ڕووسی، ئیستۆنی، عارەبی و سۆماڵی. لە نۆرویژیس کوردی یەکێک لە زمانە سەرەکییەکانی کۆچبەرانە(٤). لە دانیمارک هیچ ئامارێکی فەرمیی زمانی ناوماڵان نییە، بەڵام دیسانیش؛ لەوێش لەسەر بنەمای ئەو وڵاتانی کۆچبەرانی لێوە هاتوون؛ کوردی لە ڕیزبەندی زمانە سەرەکییەکانی کۆچبەران دایە و لە لایەن نزیکی ٣٠،٠٠٠ کەسەوە قسەی پێ دەکرێ(٥).

هەرێمی کوردنشین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان کوردستان لە لایەنی ڕامیارییەوە دابەش کراوە لە نێوان ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دا.

کورد لە ئەو دەوڵەتانە دا کەمینەن و مافی ژیانیان بە گوێرەی چاندی خۆیان لە ناویشی دا قسەکردن بە زمانی خۆیان بە سەختی سنووردار کراو بووە(٦) کوردانی کە لە وڵاتانی باکووریی (سکاندناڤیا) دەژین خەڵکی ئەو وڵاتانەن کە ناومان بردن.
وەک گەلێک کۆمەڵەی دیی کۆچبەران؛ کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی باکووریی نیشتەجێ بوونە، گەلێک لە ئەوان لەبەر هۆکارەکانی ڕامیاری و ئاسایش، هەندێکیشیان بە ئامانجی پەیداکردنی کار. لەبەر سنووردارکردنی دژوار دژی زمان و چاندی کوردی لە کوردستان –ئێستا بەتایبەتی لە تورکیا و ئێران هەروەها پێشتر لە عێڕاق و سوریاش – گەلێک کورد هەڵاتوون بۆ ئەورووپا، بۆ وڵاتانی باکووریش، تاکوو بتوانن ناسنامەی کوردیی خۆیان بپارێزن و بۆ وێنە بە ئازادی زمانی خۆیان بەکار بهێنن.
ئەمە بە تایبەتی بۆ نووسەرانی کورد گرنگە. چاپکردنی بەرهەمی کوردی بە تەواوی قەدەغە بوو تا ساڵانی ١٩٩٠(٧).
سەرەڕای ئەوەی کە بە تەواوی لە وڵاتانی ئێران، عێڕاق و سوریا؛ لەم وڵاتانەش گەلێک سنووردارکردنی دژوار هەبوون – و هەتا ئێستاش بەردەوامن – لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بواری گشتی، بۆ وێنە لە پەروەردە، بازرگانی و پەخش و چاپەمەنی دا(٨) بە تایبەتی پاش هەڵگەڕانەوەی سەربازیی لە تورکیا ساڵی ١٩٨٠(٩) گەلێک نووسەری کورد لە تورکیا هاتنە دەر. هەندێک لە فەڕەنسا، هەندێک لە ئەڵمانیا یان بەریتانیا، بەڵام زۆربەیان لە سووید گیرسانەوە –هەروەها ژمارەیەک لە دانیمارک، فینلاند و نۆرویژ-. شەپۆلی دوویەمینی نووسەرانی کورد ساڵانی ١٩٩٠ گەیشت، ئەم جارەیان لە عێڕاق و ئێرانەوە. شەپۆلی سێیەمینیش بە ئەم دواییانە لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆیی سوریا کە ساڵی ٢٠١١ دەستی پێ کردووە؛ دێن بۆ وڵاتانی باکووریی.

سەردەمێک چالاکی لە وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی دەستی پێ کرد ساڵانی ١٩٨٠ کاتێک کە هەڵبەستونانی وەک جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤)، ڕۆماننووسی وەک مەهمەد ئوزون (١٩٥٣-٢٠٠٧) و نووسەرانی وێژەی منداڵان وەک مەهمەد ئەمین بۆزئارسلان (١٩٥٣- ) دەستیان بە چاپکردنی پەرتووکانی خۆیان کرد لە سوید. ساڵانی ١٩٩٠، کاتێک کە زمان و وێژەی کوردی هێشتاش لە کوردستان بە دژواری سنووردارکراو لە ژێر فشار دا بوو، ١٠-١٢ گۆڤاری وێژەیی و چاندی لە سوید دەرچوون، هەندێکیان کەمتر و هەندێکیان پتر بە بەردەوامی(١٠). بە سەدان ئەگەر بە هەزاران نەبێ؛ پەرتووکانی بە ناونیشانی جیاواز بە گشتی لە سوید(١١) بەڵام کەمێکیش لە دانیمارک و نۆرویژ چاپ و بڵاو کرانەوە. نووسەرانی کورد کۆمەڵەیەکی نووسەرانیان لە سووید(١٢) دامەزراندووە و هەروەها پەرتووکخانەیەکیان لە ستۆکهۆڵم داناوە بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ماتێریاڵان بە کوردی لەسەر کوردان بە زمانەکانی دی(١٣).

بڵاوکراوە بە کوردی بە داخەوە لە ئەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتانی باکووریی داکشاوە(١٤) بەشێک لەمە لەبەر سەرهەڵدانی بڵاوکراوەی دیژیتاڵە هەروەها لەبەر باشتربوونێکی ماوەکورتی هەبوونی وێژەی کوردی لە کوردستانی عێڕاق و لە کوردستانی تورکیا(١٥) هۆیەکی دیش ئەوە یە کە نەوەی نوێ، یان کەسانێک کە لە وڵاتانی باکووریی مەزن بوونە و پەروەردە کراون بە گشتی بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتانە دەخوێنن و دەنووسن.

سەرەڕای کە کورد بە ڕێژەی کۆمەڵەیەکی نوێی کەمینەکانن لە وڵاتانی باکووریی، دیسانیش وێژەی کوردی لەم وڵاتانە خاوەنی مێژوویەکی چالاکیانە لە چەند دەیەیەک دا بە چاپکردنی بە سەدان پەرتووکان بە دەرکردنی بە دەیان گۆڤار و هەروەها پەتووکخانەیەک و کۆمەڵەیەکی نووسەران. لە لایەکی دی؛ ئێستا هیچ کۆڤارێکی کوردی بە بەردەوامی لە وڵاتانی باکووریی پەخش نابێ، ڕێژەی زۆری چاپخانەکان داخراون و تەنانەت پەرتووکخانەی کوردیش لە ژێر هەڕەشەی داخستن دایە(١٦).

کورتەمێژووی وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی میناکێکی لێکۆڵینەوەی باشە کە چۆن وێژەیەکی کەمینەیان یان کۆچبەران دەتوانێ بژێتەوە یان داکەوێ – و بە تایبەتی چۆن دەتوانرێ بژێندرێتەوە و ڕێ لە پێش دکەوتنی بگیررێ- پاراستن و پێشخستنی وێژەی کوردی پێویستی بە هەندێک ئینسیاتیڤی نوێ هەیە. ئەم لێکۆڵینەوە یە ڕەوشی گشتیی نووسەرانی کورد لە وڵاتانی باکووریی دەخاتە بەر چاوان و هەروەه هەندێک پێشنیازان بۆ باشترکردنی ڕەوشیان پێشکەش دەکا.

# مێتۆدۆلۆژیی

ئەمە سێیەمین ڕاپۆرتی تایبەتی لەسەر وێژەی زمانێکی نەسەردەست ـە لە وڵاتانی باکووریی، کە لە لایەن دەزگەی چاندی بۆ هەمووان(١٧)ـەوە خواستراوە وەک بەشێک لە پرۆژەی فەرمانی و فرەلایەنی وەک سەرچاوەیەک لە بواری چاندی بە کارکردن بەکەڵکهێنان بە ڕێگەی وێژە لە وڵاتانی باکووریی(١٨) ئارمانجی ئەم ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوە یە لەسەر وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی. ئەم ڕاپۆرتە سەرچاوەی خۆی لە بەرهەمانی چاپکراو و ئینتەرنێت و هەروەها لە پرسنامە و گفتوگۆیان وەردەگرێ.
زانیاریی گشتی لەسەر کوردان؛ زمانیان و وێژەی کوردی لە ڕیپۆرتەکە دا پێشکەش کراوە لە پەرتووک، نووسەر و ماڵپەڕانی جیاجیا یە. هەم ماتێریاڵی چاپکراو و هەم هی ئەلەکترۆنی لە ئینگلیزی و کوردییەوە وەرگیراون، لەبەر ئەوەی کە ڕاپۆرتەکە تایبەت بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی پێشکەش کراوە، زۆربەی ئاماژەکان بۆ ماتێریاڵە ئەلەکترۆنییەکان بە ئینگلیزی یە.

لە لێکۆڵینەوەی ڕەوشی ئێستای وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی دا، میتۆدی سەرەکیی پرسنامەیەک، وتووێژێک لەگەڵ نووسەر، وەرگێر، دەزگەی بڵاوکردنەوە و چاپکەری کوردی یە کە لە وڵاتانی باکووریی دەژین.

پرسنامەیەک بە کوردی (هەم بە کورمانجی هەمیش بە سۆرانی)، ئینگلیزی، سویدی و فینلاندی نێردرا بۆ ٧٣ کەس و دەزگەی پەیوەندیدار. هەموو ڤێرسیۆنی پرسنامەکە بە ئەو زمانانە بە ئەم ڕاپۆرتەوە هاوپێچ کراون. ٤٦ پرسنامە بە تەواوی یان بە پشکێکی وەڵامەکەی گەڕێنرایەوە، هەموو بە کوردی (٣١ بە کورمانجی، ١٥ بە سۆرانی) ٢٤ وەڵام لە سویدەوە هاتن، ٨ـیش لە فینلاندەوە، ٧ لە دانیمارکەوە و ٥ لە نۆرویژەوە، ٢ وەڵامیش لە کوردستانی عێراقەوە هاتن لە دوو نووسەرەوە کە گوتیان ئەوان بەشێک لە کوردستان و بەشێکیش لە سوید دەژین. ١٣ لە وەڵامدەرەوەکان لەسەر بنەمای زایەند گوتیان "مێ"ن، ٢٧ـیشیان "نێر"ن، ئەوانی دی وەڵامی پرسیارەکەیان نەدایەوە.

هەموو وەڵامدەرەوەکان لە هەرێمەکانی کوردنشینی تورکیا، ئێران، عێرق یان سوریا لەدایک ببوون، جگە لە دوو کەس کە لە ئەرمەنستانێ لەدایک ببوون کە لە ئەو وڵاتەش هەرێمێکی گرنگی کوردان هەیە. ١٢ وەڵامدەرەوە لە وڵاتانی باکووریی نیشتەجێ ببوون لە ساڵانی ١٩٨٩، ١٦ کەس لە ساڵانی١٩٩٠، ١١ کەس لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٧ کەس لە ساڵانی٢٠١٠. جگە لە سێ کەسیان؛ هەموو وەڵامدەرەوەکان ڕەنووسی تەلەفۆنیی خۆیان دا و پاشان پەیوەندی لەگەڵیان دا بەسترا بۆ وتووێژکردنێکی فراوانتر سەبارەت بە وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی. لە ٤٣ کەسان کە پەیوەندییان لەگەڵ بەسترا؛ ٣٧ کەسیان بەردەست بوون و لەگەڵیان دوام.

مانگی گوڵانی ساڵی ٢٠١٨ گەشتێکی دوو-ڕۆژی ئەنجام درا لە هێلسینکییەوە بۆ کۆپنهاگ بە مەبەستی چاوپێکەوتنی چوار نووسەر و/یان وەرگێری وێژەیی بە کوردی. چاوپێکەوتنی تاکەکەسی ئەنجام دران لەگەڵ سێ نووسەر، چاوپێکەوتنێکی پلانبۆکراو نەبوو لەبەر گۆڕانی کاتی کەسی هاوپەیوەندی، و ئەو چاوپێکەوتنە پاشان لە ڕێی ڤیدیۆوە لە هێلسینکییەوە ئەنجام درا. مانگی ئەیلوولی ٢٠١٨ گەشتێکی دوو-ڕۆژی کرا لە هێلسینکییەوە بۆ ستۆکهۆڵم بە مەبەستی چاوپێکەوتنی نووسەر ، وەرگێر و دەزگەی بڵاوکردنەوەی کورد. لەگەڵ دوو نووسەر بە تاکەکەسی چاوپێکەوتن ئەنجام درا، دواتر لەگەڵ دوو نووسەر و دوو وەرگێر پێکەوە و پاشان لەگەڵ دەزگەیەکی بڵاوکردنەوە بە تاکەکەسی. هەروەها سەردانی پەرتووکخانەی کوردی(١٩) لە ستۆکهۆڵم کرا و بەڕێوەبەرەکەی دوانرا. پەیوەندی لەگەڵ هەر هەشت وەڵامدەرەوەکەی فینلاند بەسترا ڕووبەڕوو هاوینی ٢٠١٨: چوار لە هێلسینکی و دەورووبەری، سێ لە تورکوو و یەک لە لاهتی. گفتووگۆ لەگەڵ هەر چوار وەڵامدەرەوەکەی نۆرویژیش کرا یەک بە یەک لە ڕێی تەلەفۆنەوە، چواریان لە ڕێی ڤیدیۆتەلەفۆنەوە.

وەڵامە نووسراو و زارەکییەکان و بۆچوونەکان لە چاوپێکەوتنەکە دا پێشکەش کران؛ کورت کرانەوە لە بەشی "ڕەوشی ئێستا و دژواریی" و هەروەها بەشی "پێشنیاز" دا.

# کورد، زمانی کوردی و وێژەی کوردی بە کوردی

کورد کۆمەڵەیەکی ئەتنیکی، چاندی و زمانی یە ڕێژەیان بە ٣٠ بۆ ٤٠ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێ(٢٠) کە بەگشتی لە کوردستان دەژین کە ناوچەیەکی جوگرافیی دابەشکراوە لە نێوان سنوورە نێونەتەوەییەکانی عێراق، ئێران، سوری و تورکیا دا. هەروەها مەزەندە دەکرێ ٢ ملیۆن کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین بە تایبەتی لە ئەورووپا، هەندێکیان لە ناچاری کۆچبەر بوونە و هەندێکیشیان دڵخوازانە لەم چەند دەیەی ڕابردوو دا(٢١).

زمانی خۆماڵیی کوردان زمانی کوردی(٢٢)یە کە یەکێک لە زمانەکانی ئێرانیی لە بنەماڵەی زمانەکانی هیندۆئەورووپایی یە. کوردی پەیوەندی بە زمانە هاوسێکانی؛ عارەبی (زمانێکی سامی) و تورکی (زمانێکی ئاڵتایی)ـیەوە نییە. کوردی پەیوەندی بە زمانی فەرمی ئێرانی یاخوود فارسییەوە هەیە، بەڵام کوردی و فارسی لە هیچ لایەکیانەوە لە یەکتری تێ ناگەن.

زمانی (یان زمانەکانی) کوردی لە سێ کۆمەڵەی سەرەکیی شێوەزاران پێک دێ: باکووریی (کورمانجی)، ناوەندی (سۆرانی) و باشووری ( کە بە ناوی جیاجیا ناودەبرێن، وەک فەیلی، کەلهوڕی، کرماشانی و تد.) ئەم کۆمەڵە جیاوازانەی شێوەزارەکان هەردەم لە یەکتر تێ ناگەن تەنانەت هەندێک جار وەک زمانی جیاوازیش دەنرخێنرێن.(٢٣)

کورمانجی زمانی خۆماڵیی بە لانیکەمەوە هی نیوەی کوردانە (١٥-٢٠ ملیۆن).(٢٤) کە لە لایەن هەموو کوردانی سوریا، زۆربەی کوردانی تورکیا و کەمێک لە کوردانی عێراق و ئێرانەوە قسەی پێ دەکرێ. سۆرانی زمانی/شێوەزاری زۆربەی (نزیکەی٢/٣)ی کوردانی ئێران و عێراقە. کۆمەڵەی سێیەمین یاخوود کوردیی باشووری لە لایەن نزیکەی ٢ ملیۆن کوردەوە قسەی پێ دەکرێ لە بەشەکانی باشووریی دەڤەرەکانی کوردیئاخێوی ئێران و عێراق و لە گوێرەی جیاوازیی دەڤەرەکان؛ ناوی جیایان لێ نراوە وەک فەیلی، کەلهووڕی، کرماشانی و تد.

وێژەی نووسراوی کوردی لە سەدەی ١٥ دا دەستی بە بووژانەوە کرد بە شێوەزاری سەرەکیی کورمانجی یاخوود کوردیی باکووریی. یەکەمین پەرتووکی کوردی لە ساڵی ١٤٢٥ دا نووسراوە لە لایەن عەلی حەریرییەوە. ناسراوترین هەڵبەستوانانی ئەو سەردەمە؛ مەلای جزیری و فەقێی تەیرانن، ناودارترین بەرهەمی کلاسیک "مەم و زین"ـە کە بەرهەمێکی هەڵبەستانەی ئەویندارى، دڵسۆزی و نەتەوەپەروەری یە کە لە لایەن "ئەحمەدی خانی"ـیەوە نووسراوە و گەلێک جاران وەک داستانی نەتەوەیی کوردان دەنرخێنرێ.

هەتا سەدەی ١٩ وێژەی کوردی دەتوانین بڵێین بە تەواوی تەنیا هەڵبەست بوون و زانایانی کورد بەرهەمە زانستییەکانی خۆیان، مێژوویی و ئایینی بە عارەبی، فارسی یان تورکی دەنووسین.

لە سەدەی ١٩ دا هەروەها دەست بە بەکارهێنانی شێوەزاری دیی سەرەکی یاخوود سۆرانیش کرا بۆ نووسینی وێژە، لە سەرەتا دا ئەویش تەنیا لە هەڵبەستان دا.

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کە زۆربەی بە کورمانجی بوو، ساڵی ١٨٩٨ دەرچوو. نووسینی پەخشان تەنیا لە سەدەی ٢٠ دا بە کوردی دەستی بە بووژانەوە کرد.

هەر پێنج ڕۆمانەکەی پێشووی کوردی لە لایەن ئەرەب شەمۆ (١٨٩٧ – ١٩٧٨)وە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ و ١٩٦٩ دا بە کورمانجی لە یەکێتی سۆڤێت بڵاو کرانەوە. یەکەمین ڕۆمان بە سۆرانی لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچوو.

زمانی کوردی بە لانیکەمەوە بە سێ ئابێی جیاواز نووسراوە: عارەبی، لاتینی و کریلی. هەتا سەرەتای سەدەی ٢٠ تەنیا ئابێی عارەبی بەکار دەهێنرا. ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ چەندین ئابێی جیاوازی لاتینی پێشکەش کران کە لە ئەوان ئابێی هاوار، کە یەکەمجار لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ لە گۆڤاری هاوار دا بەکار هێنراوە، ئێستا ئابێی پێوەرمەندی لاتینی یە بۆ نووسینی کوردی. لە تورکیا، سوریا، ئێران و ئەرمەنستان و هەندێکیش لە عێراق ئەم ئابێیە بۆ نووسینی کورمانجی بەکار دەهێنرێ، بەڵام لە عێراق کورمانجی بە گشتی بە ئابێی عارەبی دەنووسرێ.

سۆرانی نزیکەی بە تەواوی بە ئابێی عارەبی دەنووسرێ سەرەڕای چەند پەرتووکێک بە ئابێی لاتینیش چاپ کراون . ئابێی لاتینی جاروبار هەروەها لە تێکستی کورتی تەلەڤزیۆن، نامیلکە و تد-ش دا بەکار دەهێنرێ. ئابێی لاتینی هەروەها گەلێک لە دانووستاندنی ئاسایی وەک ئیمەیڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تد-ش دا بەکار دەهێنرێ.

کوردانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو بۆ نووسینی کورمانجی ئابێی کریلییان بەکار دەهێنا بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ و ساڵانی ١٩٩٠ دا، بەڵام ئابێی کریلی بۆ نووسینی کوردی ناتوانین بڵێین ئێستا بە تەواوی دەستی لێ بەردراوە. گەلێک لە ئەو بەرهەمانەی کە پێشتر بە ئابێی کریلی نووسرابوون و چاپکرابوون، بە ئەم دواییانە سەرلەنوێ بە ئابێی لاتینی چاپکراونەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی وێژەی نووسراوی کورمانجی چەند سەدەیەک پێش وێژەی نووسراوی سۆرانیش دەستی پێ کردووە، لە نیوەی دوویەمی سەدەی بیستەم دا وێژەی سۆرانی توانیوێتی لە وێژەی کورمانجی پتر بچێتە پێش، ئەمە لەبەر سنووردارکردنی بەربڵاو، تەنانەت دەتوانین بڵێین قەدەغەی تەواو، لەسەر بڵاوکردنەوە و چاپکردن لە تورکیا بوو، کە زۆربەی کوردانی کورمانجیئاخێوی لێ دەژین. لە لایەکی دی، لە عێراق کە زمانی زۆربەی کوردان لەوێ شێوەزاری سۆرانی یە؛ کوردان هەردەم ئۆتۆنۆمییەکی پڕاوپڕی بەهێزی چاندی، ئەگەر هەردەم ڕامیارییش نەبووبێ، هەبووە.

لەبەر سنووردارکردنی زمانی کوردی لە تورکیا بە تایبەتی پێشتر، دەتوانین بڵێین هەموو وێژەی کورمانجیی نووسراو لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ساڵانی ١٩٩٠ دا لە دەرەوەی وڵات چاپ کراوە. تەنیا لە ساڵانی ١٩٩٠ دا هەندێک قەدەغە لەسەر وێژەی کوردی لابراوە.(٢٥)

# کورد و وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی

کۆچبەربوونی کوردان بۆ ئەورووپا لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دەستی پێ کرد کاتێک کە گەلێک کورد بە تایبەتی لە تورکیاوە وەک "کرێکاری میوان" گەیشتنە ڕۆژاوا و باکووری ئەورووپا. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان گەڕانەوە بۆ تورکیاش پاش چەند مانگ یان چەند ساڵان زۆربەیان بە تەواوی لە ئەو وڵاتانە نیشتەجێ بوون و دواتر بنەماڵەکانی خۆشیان هێنا.

پاش هەڵگەڕانەوەی سەربازیی لە ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا و زیندانیکردنی زۆر لە کوردان لە ناویان دا نووسەرن و چالاکانیش، ڕێژەیەکی زۆری کوردان داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتانی ئەورووپا کرد، بە تایبەتی لە سوید. دواتر دیسان هەندێک پەنابەری کورد، دیسان لە ناویان دا نووسەران و چالاکانی ڕامیاریی لە ئێران و عێراقەوە هاتن، بە تایبەتی ساڵانی ١٩٩٠. ئێستاش گەلێک لە کوردانی پەنابەر لە دەست جەنگی ناوخۆیی سوریا هەڵدێن و وەک پەنابەر دێن کە دیسان لە ناویان دا نووسەریش هەن.(٢٦)

کوردان چەندین ڕێکخستنی چاندییان لە وڵاتانی باکووریی دامەزراندووە، کە هەندێکیان بایەخ بە چاند و زمانی کوردی دەدەن، هەندێکیان زۆرتر بایەخ بە ئینتێگرێکردنی کوردان لە ناو کۆمەڵگەکانی باکووریی دەدەن و هەندێکیشیان گرنگی بە هەردووکیان دەدەن. کۆمەڵەیەکی سەیوانیی ڕێکخستنی چاندی کوردی لە سوید، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید(٢٧) ساڵی ١٩٨١ دامەزرێنرا. کۆمەڵەیەکی هاوشێوە، فیدراسیۆنی کوردانی فینلاند (کوردیلیتتۆ)(٢٨) ساڵی ٢٠١٤ کرایەوە.

یەکەم وەشانخانەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی، "ڕۆژا نوو" ساڵی ١٩٨٠ دامەزرێنرا، ئەو وەشانخانە یە زۆربەی بەرهەمەکانی نووسەرانی کوردی لە وڵاتانی باکووریی بڵاو دەکردەوە. وەشانخانەیەکی دی، "پەنجنار"(٢٩)، ساڵی ١٩٨٦ کرایەوە و گرنگی دەدا بە بڵاوکراوەی وێژەی زارەکی و گواستنەوەی وێژەی کوردیی دێرین کە بە ئابێی کوردی-عارەبی نووسرابوو بۆ سەر ئابێی کوردی-لاتینی و چاپکردنی ئەو بەرهەمانە.

وەشانخانەیەکی دی "ئاپەج"(٣٠) ساڵی ١٩٨٨ دامەزرێنرا، ئەم وەشانخانەیە بایەخی دەدا بە بڵاوکراوەی منداڵان بە تایبەتی ئەو پەرتووکانەی لە سویدییەوە وەردەگێڕان. وەشانخانەیەکی دیش "نوودەم"، هەم بەرهەمی نوێخوازانەی نووسەرانی کورد هەمیش وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرنی باکووریی و جیهانی بڵاو دەکردەوە.

کوردان دەستیان بە یەکەمین ڕۆژنامەی خۆیان لە وڵاتانی باکووریی کرد ساڵی ١٩٧٩: ڕۆژنامەیەکی مانگانە بە ناوی "ئارمانج" لە ستۆکهۆڵم. ئەمەیان زۆرتر تیشکی دەخستە سەر دۆزی کورد لە کوردستان، بەڵام مانگنامەیەکی دی، "بەربانگ"، کە ساڵی ١٩٨١ دەستی بە بڵاوکردنەوەی خۆی کرد بە گشتی بە کورمانجی و سویدی، پتر گرنگی دەدا بە بابەتی تێکەڵاویی کوردان لە کۆمەڵگەی سوید دا.

پاش ئەمانەش ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ چەندین گۆڤاری مانگنامە یان وەرزانە دەرچوون کە پتر گرنگییان دەدا بە وێژە، بۆ وێنە "چرا"، "دوگر"، "نوودەم"، "هەلوەست" هەموویان گۆڤاری وەرزانەی وێژەی گشتی بوون کە بۆ وێنە؛ هەڵبەست، کورتەچیرۆک، پارچەڕۆمان، نرخاندنی وێژەیی، ناساندنی پەرتووکان، نووسراوگەلی دەربارەی مێژووی وێژە، وتووێژ لەگەڵ نووسەران و شتی وەهایان بڵاو دەکردەوە. لە تەک ئەم گۆڤارە وێژەیی یە گشتییانە؛ چەند گۆڤاری تایبەتیش دەرچوون: گۆڤاری پەروەردەیی "دەنگێ مامۆستە"، گۆڤاری تیاترۆ و سینەما "شانۆ و سینەما"، گۆڤاری پێکەنینئامێز "میرکوت" و گۆڤاری وەرزانەی وێژەی وەرگێڕراو "نوودەم وەرگێر". سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەم گۆڤارانە لە سوید دەردەچوون، کوردانی نیشتەجێی وڵاتانی دیی باکووریی چالاکانە لە ئەم گۆڤارانە دا دەیاننووسی.

پەرتووکخانەیەکی کوردی لە ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکهۆڵم کرایەوە بۆ پاراستنی بەرهەمگەلی وێژەیی کوردی و ڕاژەکردنی خوێنەرانی کورد.(٣١) بێجگە لە کۆکردنەوەی پەرتووک و ماتێریاڵی کوردی و ئەوانەی لە بارەی کوردانن بە زمانانی دی، پەرتووکخانەکە هەروەها مێزگرد و سیمینارگەلی پەیوەندی چاندی کوردی و هەروەها ئینتەگرێیوونی کوردان لە کۆمەڵگەی سویدی دا ساز دەکا.

بەڵام لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ هەموو گۆڤارە وێژەییەکانی کوردی لە وڵاتانی باکووریی دەستیان لە بڵاوکردنەوە بەر دا. زۆربەیان بە تەواوی داخران، بەڵام هەندێکیشیان لەوەودوا لەسەر ئینتەرنێت بڵاو دەبنەوە. هەندێکی گۆڤاری وێژەیی ئەلەکترۆنی جێی ئەوانەیان گرتەوە کە هەندێکیان مانگانە، هەندێکیشیان وەکتر کەم تا زۆر بە بەردەوامی بڵاو دەبوونەوە. یەکەم گۆڤاری وێژەیی کوردیی ئەلەکترۆنی، "مەهنامە"، ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٦ بڵاو دەکرایەوە و لە فینلاند بڵاو دەبووەوە، بەڵام سەرنجی گەلێک نووسەر و خوێنەری کوردی بۆ خۆی ڕادەکێشا لە سەرانسەری دنیا.

چەندین ماڵپەڕی کوردیی دیش تایبەت بە چاند و وێژە لە وڵاتانی باکوورییەوە بڵاو دەبوونەوە کە هەندێکیان پاش دوو-سێ دەیە هێشتاش چالاکن، بەڵام هەندێکیشیان پاش چەندین ساڵ دواتر دەستیان لە بڵاوکردنەوە هەڵگرت.

# ٢. ڕەوشی ئێستا و دژواریی

## بواری وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی

لەم بەشە دا من هەوڵ دەدەم وێنەیەک لەسەر ڕەوش و ئاستەنگییەکانی لە پێش وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی پێشکەش بکەم. یەکێک لە ئاستەنگییە سەرەکییەکان ئەوەیە کە چۆن نووسەرانی کورد کە لە وڵاتانی باکووریی دەژین دەتوانن گوزەرانی خۆیان بەڕێوە ببەن هاودەم کە بە تەواوی بایەخ بدەن بە نووسینی وێژە. ئاستەنگێکی دیس پەیداکردنی بودجە بۆ چاپکردنی پەرتووکان و گەیاندیانە بە خوێنەرانی خۆیان.

## جۆرەکانی وێژە

لە ٤٦ کەسان کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، ١٤ کەسیان گوتیان کە ئەوان تەنیا وێژە دەنووسن، چوار کەسیان گوتیان کە ئەوان تەنیا وێژە وەردەگێڕن، ٢٨ کەسیان کە ماونەتەوەش، گوتیان کە ئەوان هەم دەنووسن و هەمیش وەردەگێڕن. ٣ لە وەڵامدەرەوەکان گوتیان کە ئەوان هەروەها وێژەی کوردی بڵاو دەکەنەوە.

سەبارەت بە جۆرەکانی وێژە، ٨ کەس گوتیان کە هەرچی وێژەیە، ئەوا تەنیا هەڵبەستان دەنووسن و ٧ کەسیش گوتیان کە ئەوان تەنیا ڕۆمانیان بڵاو کردووەتەوە. بەڵام ئەوانیش هەروەها کورتەچیرۆک/یان هەڵبەستیان نووسیبوو. ٥ کەسیان گوتیان کە تەنیا کورتەچیرۆکیان بڵاو کراوەتەوە. دیسان ٥ کەسیان گوتیان کە ڕۆمان و کورتەچیرۆکیان بڵاو کراونەتەوە. ٣ کەسیان هەڵبەست و چیرۆک و دیسان لە ٣ کەسیشیان ڕۆمان و هەڵبەستیان بڵاو کراونەتەوە. وەڵامدەرەوەیەک نووسی کە ئەو ڕۆمان، کورتەچیرۆک و هەڵبەستیش بڵاوکراونەتەوە.

٢٢ وەڵامدەرەوە گوتیان کە پەرتووکەکانی ئەوان (یان پەرتووکە وەرگێڕراوەکانیان) بە گشتی تەنیا بۆ خوێنەرە گەورەساڵانەکانن. ٧ کەسیان گوتیان کە ئەوان پەرتووکگەلی تایبەت بە منداڵان دەنووسن یان وەردەگێڕن. ئەوانی دی گوتیان کە ئەوان هەم بۆ گەورەساڵان و هەمیش بۆ منداڵان پەرتووکان دەنووسن یان وەردەگێڕن.

# زمان

له ٤٦ وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکە، ٣٢ کەسیان گوتیان کە ئەوان وێژەیان تەنیا بە زمانی کوردی نووسیوە. ١٤ کەسیان گوتیان کە ئەوان وێژەیان بە پتر لە زمانێکی دیش نووسیوە، ٤ کەسیان بە کوردی و عارەبی، ٤ کەسیان بە کوردی و تورکی، ٢ کەسیان بە کوردی و فارسی، ٢ کەسیان بە کوردی، عارەبی و سویدی، ١ کەس بە کوردی، تورکی و سویدی، ١ کەس بە کوردی، عارەبی و نۆرویژی. ئەو کەسانەی کە گوتیان وێژەیان تەنیا بە کوردی نووسیوە، دووانیان گوتیان کە ئەوان هەم بە کورمانجی و هەمیش بە سۆرانی نووسیویانە.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەیان وەڵامیان دایەوە کە ئەوان وێژە تەنیا بە کوردی دەنووسن، هەموویان گوتیان کە ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەیان دا یەک یان چەند زمانی دیش بەکار دەهێنن، نزیکەی هەموو وەڵامدەرەوەکان بە لانیکەمەوە سێزمانی بوون یاخوود بە ئەم زمانانە قسە دەکەن: ١) کوردی، ٢) زمانی فەرمی یان سەردەستی ئەو وڵاتەی لێوەی هاتووە (عارەبی، ئەرمەنی، فارسی یان تورکی) و ٣) زمانی فەرمی یان سەردەستی ئەو وڵاتەی ئێستا لێی دەژی (دانیمارکی، فینلاندی، نۆرویژی یان سویدی).

# ڕەوشی ژیان

هەموو نووسەر و/یان وەرگێڕەکانی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە گوتیان کە ئەوان ئێستا بە شێوەیەکی چالاک وێژەی کوردی دەنووسن یان وێژە بۆ کوردی وەردەگێڕن. ئەمە واتەی ئەوەیە کە وێژەی کوردی ئێستا بە شێوەیەکی چالاک لە هەر چوار وڵاتی باکووریی هەیە کە ژمارەیەکی گرنگی کوردانی لێ هەن: دانیمارک، فینلاند، نۆرویژ و سوید.
بەڵام ئەمە واتەی ئەوە نییە کە هەموو نووسەرانی کورد لە وڵاتانی باکووریی لە نووسینی کوردی دا چالاک مابن. ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەتوانرێ ئاوهاش شرۆڤە بکرێ کە بە گشتی تەنیا لە ئەو نووسەرانەی کە ئێستا چالاکن پرسیار کراوە. ئەوانەی پرسیاریشیان لێ کراوە، دەشێ تەنیا نووسەرانی چالاک وەڵامیان دابێتەوە، ئەوانی دی نا.

تەنانەت نووسەرانی چالاکیش زۆربەیان سەرقاڵی بوارەکانی دەرەوەی وێژە بوون؛ لە ٣٤ کەسان کە کاری سەرەکیی خۆیان لە ڕاپرسییەکە دا دیاری کرد یان پاشان لە وتووێژەکە دا، ١٢ـیان گوتیان کە وەک مامۆستا کار دەکەن (زۆربەیان وەک مامۆستای زمانی کوردی بۆ منداڵان لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان، بەڵام هەندێکیشیان تەنیا وەک وانەبێژ)، ٩ وەک وەرگێڕی ناوێژەیی، ٧ وەک بازرگان، ٢ وەک ڕامیار، ١ وەک پارێزەری داد. ٢ بێکار بوون و بەخۆیان لە دەرفەتی کار دەگەڕان. تەنیا ٢ وەڵامدەرەوە گوتیان کە ئێستا بە تەواوی سەرقاڵی نووسین یان وەرگێڕانی وێژەن بە خێری بۆرسەیەک کە ئەوان؛ ئەمانیان بۆ کاری وێژەیی وەرگرتووە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨.

زۆربەی نووسەران دەرفەتی نووسین یان وەرگێڕانی وێژەیان هەبووبێ؛ تەنیا لە کاتی بەتاڵی خۆیان دا بووە. هەندێکیان کارێکی نیوکاتیی ناوێژەیی هەڵبژاردبوو تاکو بتوانن ئەو کاتەی کە دەمێنێتەوە تەرخان بکەن بۆ نووسین یان وەرگێڕانی وێژە. چەندین وەڵامدەرەوە گوتیان کە ئەوان "بێکاریی"یان هەڵبژاردووە تاکو بتوانن بایەخ بدەن بە نووسین یان وەرگێڕانی وێژە.

نەبوونی دەرفەتی تەواو بۆ نووسین ئاستەنگێکی گەورە یە. نەبوونی کات لەگەڵ دژواریی پەیداکردنی چاپخانە دەبێ بە هۆی بێهیوابوونی زۆربەی نووسەران. هەندێکیان خۆیان سپاردووە بە زمانی دووەمی خۆیان یان تەنانەت زمانی سێیەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمگەلی خۆیان سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان دڵنیان کە دەتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان کوردی باشتر و ئاسانتر بنووسن .
زۆربەی وەڵامدەرەوەکان گوتیان کە ئەوان زانیاریی تێروتەسەلیان نییە یان زمانی فەرمی ئەو وڵاتانە نازانن و ناتوانن یارمەتی دارایی بۆ نووسین یان چاپکردنی بەرهەمەکانی خۆیان بکەن. هەندێک وەڵامدەرەوە دڵسارد بووبوون کە داخوازینامەکانیان بێئەنجام بوون. هەندێکیان ساڵانی ١٩٨٠ و ساڵانی ١٩٩٠ یارمەتییان وەرگرتبوو دواتر وەریان نەگرتبوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هەموو زانیاریی و بەرنامەی خۆشیان پێشکەش کردبوو. گشتیان کە پێشتر یارمەتی داراییان بۆ وێژە وەرگرتبوو، ئەوانی لە کاتی وتووێژەکە دا خاوەنی بۆرسەیەک بوون، لەسەر ئەو بڕوایەن کە وەرگرتنی یارمەتی دژوارتر بووە.

ئەزموونی ئەرێنیی داخوازینامە پەسندکراوەکان دەتوانین بڵێین بە تەواوی تەنیا ئەوانە بوون کە لە سویدەوە بوون، تەنیا دوو لە نۆرویژەوە، لە دانیمارک و فینلاندیش وەڵامدەرەوەکان یارمەتی داراییان وەرگرتبوو سەرەڕای کە دە-دوازدە داخوازینامە لە هەردوو وڵاتەکە نێردرابوون بۆ دەزگەی حکوومی و ناحکوومی، هەندێکیان دوو یان سێ داخوازینامە لە هەمان داخوازیکەرەوە

بەڵام بۆ ناوەندی جیاواز. وەرگرتنی یارمەتی دارایی لە وڵاتانی باکووریی بۆ نووسەرانی کورد گەلێک گرنگە چونکە کەم کەس لە ئەوان دەتوانن هیچ یارمەتی لە ڕێیەکی ترەوە وەربگرن.

لە ساڵی ۲۰۰۰ـەوە، هەندێک نووسەر و وەرگێڕی کورد یارمەتیی داراییان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەندێکیشیان لە شارەوانییەکانی تورکیا کە لە دەستی کوردان دا بوون؛ وەردەگرت. بەڵام یارمەتییەکە گەلێک کەم بوو و بە هیچ شێوەیەک تێری ژیانی گرانبەهای لە وڵاتانی باکووریی نەدەکرد ئەگەر مرۆڤ هاودەم کاری لەگەڵ دا نەکا.

هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە ژێر قەیرانێکی ئابووریی گران ساڵی ۲۰۰۸. یارمەتی دارایی بۆ چالاکییە وێژەیی و چاندییەکان بە دژواریی کەمی کرد. نە تەنیا یارمەتی بۆ نووسەران، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمین؛ نەهات، بەڵام هەروەها گەلێک دەزگەی بڵاوکردنەوە و گۆڤارگەلی چاندیش ڕاگیران کە پێشتر نووسەران لە وڵاتانی باکوورییش بەرهەمەکانی خۆیانیان تێدا بڵاو دەکردەوە ین بە ڕێی ئەوان چاپیان دەکرد.

لە تورکیا هێدی هێدی ڕەوش بەرەو باشبوونەوە دەچوو بۆ وێژەی کوردی و چالاکیی وێژەیی لە ساڵی ۲۰۱۰ هەتا هەڵگەڕانەوەی سەربازیی سەرنەکەوتوو لە ساڵی ۲۰۱٦. ئەو هەڵگەڕانەوە سەربازییە لە لایەن کوردانەوە نەکرابوو، بەڵام لە لایەن سوپای تورکیاوە کە پێشتریش دوژمنی کوردان و مافەکانی چاندی و ڕامیاری بووە. دیسانیش حکوومەت بە دژواریی دژی هەموو بەرهەڵستکەران و هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندن و چالاکییە چاندییەکان کە لە ژێر فەرمانی حکوومەت دا نەبوون وەستایەوە.

زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە کوردبوون دەستگیر کران و زۆربەی سەرۆکانی شارەوانییە کوردەکان لە هەرێمی کوردی لە خۆرهەڵاتی تورکیا لە کار دەرکران. تاکە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە تورکیا "ئازادیا وەلات" و هەروەها دوو ناوەندی زمان و چاندی کوردی داخران، هەمان چارەنووس بوو بە بەشی گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی حەفتەیانە و مانگانە و وەرزانە و هەروەها دەزگەکانی بڵاوکردنەوەی کوردیش.

# چ وێژەیەک لە وڵاتانی باکووریی بۆ کوردی وەردەگێڕڕێت؟

لە ٤٦ کەس کە وەڵامی ڕپرسییەکەیان داوەتەوە؛ ۳۲ کەسیان گوتیان کە ئەوان وێژە بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن. بەڵام چوار کەس لە ئەوان گوتیان کە ئەوان تەنیا وەرگێڕن، ۲۸ کەسی دی گوتیان کە ئەوان هەم وێژە دەنووسن هەمیش وەردەگێڕن.

بە گوێرەی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە و وتووێژەکانی دواتریش، وەرگێڕانی وێژە بۆ کوردی لە وڵاتانی باکووریی بە گشتی یان لە زمانە فەرمییەکان یان لە زمانە سەردەستەکانی وڵاتانی کوردنشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (عارەبی، تورکی، فارسی و ئەرمەنی) یان لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتانی باکووریی (سویدی، دانیمارکی، نۆرویژی یان فینلاندی)ـەوە دەکرێ. تەنانەت هەندێک کلاسیکی جیهانیش لە سویدییەوە (و لەگەڵ لە تورکییەوە) بۆ کوردی وەرگێڕراون، بۆ وێنە "دۆن کویژۆتێ"ـی سێرڤانتس، "مرۆڤە ڕەبەنەکان"ـی دۆستویۆڤسکی و "مشک و مرۆڤ"ـی جۆن ستێینبێک.

زۆربەی وەرگێڕراوە وێژەییەکان لە زمانانی باکوورییەوە بەرهەمەکانی نووسەرانی باکوورین. زۆربەیان هی نووسەرانی سویدین، بەرهەمی کلاسیک و نوێگەرن کە لە سویدییەوە وەرگێڕراون؛ بە زۆری بەرهەمگەلی منداڵان لە ئاسترید لیندگرێن، بەڵام هەروەها وێژەی هەرزەکاران و گەورەساڵان، پەخشان بێ یان هەڵبەست، بۆ وێنە لە ئاوگوست ستریندبێرگ و کارین بۆیێ. وەرگێڕان لە دانیمارکییەوە بە گشتی تەنیا چیرۆکەکانی هانس کریستیان ئاندێرسۆن‌ـن و وەرگێڕان لە نۆرویژیشەوە دوو-سێ دەقی شانۆیی هێنریک ئیبسێن‌ـن.

هیچ بەرهەمێکی مەزن لە فینلاندییەوە بۆ کوردی وەر نەگێڕراوە و چاپ نەکراوە. وەرگێڕانی وێژەی فینلاندی لە ڕێی زمانانی دییەوە کراوە بۆ وێنە لە "حەوت برا"ـی ئەلێکسیس کیڤی و "سینۆهە"ـی میکا ڤالتێری، هەردوو لە فەرەنسییەوە وەرگێڕراون. بەڵام ئەنتۆلۆژییەکی بەرفراوانی هەڵبەستی فینلاندی – هەم کۆن و هەم نوێ – لە لایەن ئامادەکەری ئەم ڕاپۆرتەوە لە فینلاندییەوە بۆ کوردی وەرگێڕراوە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە.

وەرگێرانی وێژەی باکووریی بۆ کوردی بە گشتی لەسەر وێژەی منداڵان ڕاوەستاوە. چوار نووسەری وێژەی منداڵان کە بەرهەمەکانیان وەردەگێڕڕێت سەردەستن: هانس کریستیان ئاندێرسۆن هەم لە دانیمارکییەوە و هەم لە ڕێی زمانەکانی دیەوە و هەروەها ئاستريد ليندگرێن، سڤێن نۆردکڤیست، ئولف لۆگرێن و گونیللا ڤۆلدێ لە سویدییەوە.

وەک کە زۆربەی وەڵامدەرەوەکانیش گوتیان؛ وەرگێرانی وێژەی باکووریی بۆ کوردی شتێکی بێ بەرنامە یە، پەیوەستە بە وەرگێری تاکەکەسی و هەندێکجار پەیوەستە بە وەرگرتنی یارمەتی وەرگێران و/یان بڵاوکردنەوەوە هەیە. هیچ بەرنامەیەکی دیار یان پلانێک لە لایەن کوردان یان ئەو وڵاتانەی ئەمانی لێ دەژین بۆ وەرگێران و بڵاوکردنەوەی وێژەی باکووریی لەسەر بنگەی گرنگیی بەرهەمە وێژەییەکان و/یان پێویستیی خوێنەرانی کورد دانەنراوە.

# بڵاوکردنەوەی وێژەی کوردی

پەرتووکگەلی پێشووی وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسییەکە کە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨١ بڵاوکراونەوە و پەرتووکگەلی دواتریش ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨. زۆربەی پەرتووکگەلی وەڵامدەرەوەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٢ دەرچوون.
لە وەڵامدەرەوەکان ٣ کەسیان لە ١٥ پەرتووکیان پتر نووسیوە و/یان وەرگێروە، ٨ وەڵامدەرەوە پتر لە ٥ پەرتووکان و ٧ وەڵامدەرەوە تەنیا یەک پەرتووک.

| جۆر | ڕێژەی پەرتووکە جیاوازەکان |
|---|---|
| ڕۆمانە نووسراوەکان | ٧٣ |
| پەرتووکگەلی کورتەچیرۆکە نووسراوەکان | ١٦ |
| پەرتووکگەلی هەڵبەستە نووسراوەکان | ٢٤ |
| پەرتووکگەلی منداڵانی نووسراو | ٨ |
| بەرهەمگەلی نووسراو لەسەر مێژووی وێژە یان ڕەخنەگەلی وێژەیی | ٥ |
| ڕۆمانگەلی وەرگێڕراو | ٦٧ |
| پەرتووکگەلی کورتەچیرۆکی وەرگێڕراو | ١٨ |
| پەرتووکگەلی هەڵبەستی وەرگێڕراو | ٧ |
| پەرتووکگەلی وەرگێڕراوی بابەتی منداڵان | ٢٣ |
| بەرهەمگەلی وەرگێڕراو لەسەر مێژووی وێژە یان ڕەخنەی وێژەیی | ٢ |
| سەرجەم | ٢٤٣ |

لە ئەم هەموو پەرتووکە؛ ١٠٨ دانە لە سوید بڵاو کرابوونەوە، ٦٣ لە تورکیا، ٤٧ لە عێراق (کوردستانی عێراق)، ١٤ لە نۆرویژ، ٨ لە دانیمارک و ٣ لە فینلاند. سوید وڵاتی سەردەستی – دەتونین بڵێین تاکە وڵاتی بڵاوکردنەوە بوو- لە ساڵانی ١٩٨٠

و ١٩٩٠ ی بەرهەمگەلی نووسەر و وەرگێڕی وەڵامدەرەوەی ڕاپرسییەکە. بەڵام لەساڵانی ٢٠٠٠ـەوە سوید پاشەکشەی کردووە بۆ دوای تورکیا و عێراق.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ـوە دە-دوازدە وەشانخانەی کوردی (وەک "ڕۆژا نوو" و "نوودەم") لە وڵاتانی باکووریی هەبوون کە لە دەورووبەری ستۆکهۆڵم بوون. بەڵام نزیکەی نیو لە وەشانخانەکان کەمتر لە ٥٠ پەرتووکی جودایان بڵاو کردەوە. هەندێک لە وەشانخانەکان بایەخی تایبەتیان دابوو بە چاپکردنی بەرهەمگەلی تەنیا چەند نووسەرێک، هەندێکجار تەنیا پەرتووکگەلی خاوەنەکەی خۆی. ئێستا تەنیا یەک وەشانخانەی چالاک لە وڵاتانی باکووریی ماوە، ئەویش وەشانخانەی ئاپەج (ئاپەج فۆرلاگ)ـە لە سوید.(٣٢)

بڵاوکردنەوەی بەرهەمی خۆبەخۆ لە ناو نووسەرانی کورد دا گەلێک بەربڵاوە و تەنانەت لە ناو وەرگێڕەکانیش دا، لە ٣٧ کەس کە وتووێژیان لەگەڵ کرا؛ ١٤ کەسیان گوتیان کە ئەوان خۆیان یەکەم پەرتووکی خۆیان چاپ کردووە و ٦ کەسیان گوتیان کە ئەوان خۆیان هەموو پەرتووکەکانی خۆیانیان چاپ کردووە.

سەرەڕای کە هەموو وەڵامدەرەوەکان یەک ین پتری پەرتووکەکانی خۆیان بڵاو کردووەتەوەش، لە ڕاستی دا هەموویان گلەییان کرد کە دژوارە مرۆڤ وەشانخانەیەک بۆ پەرتووکەکانی خۆی بدۆزێتەوە. هەموو وەڵامدەرەوەکان جگە لە سیانیان؛ گوتیان کە ئەوان یەکێک یان پتر لە پەرتووکێکی ئامادەیان بۆ چاپکردن هەیە، بەڵام چاپخانە دەستناکەوێ پەرتووکی خۆیانی لێ بڵاو بکەنەوە. چوار وەڵامدەرەوە گوتیان کە ئەوان پێنج یان پتر پەرتووکیان بۆ بڵاوکردنەوە هەیە، بەڵام ئەمە پتری پێنج ساڵە کە ئەوان هیچ وەشانخانەیەکیان پەیدا نەکردووە.

هەندێک هەڵبەستوان و چیرۆکنووس بەرهەمەکانی خۆیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کردبووەوە. هەندێکیان گوتیان وایان کردووە چونکە وا ئاسانترە مرۆڤ خۆی بگەیەنێ بە خوێنەرانیان. هەندێکی دییان خۆیان سپاردبووە ئەم شێوازە پاش ئەوەی هیچ وەشانخانەیەکیان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان نەدۆزیبووەوە. هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان نەیاندەویست وا بکەن؛ چونکە ئەوان هیوادار بوون کە بتوانن بە خۆیان وەشانخانەیەکی بدۆزنەوە و دەترسان کە ئەگەر بەرهەمەکانی ئەوان لەسەر ئینتەرنێت هەبێ؛ ئیدی هیچ وەشانخانەیەک بڵاویان ناکاتەوە.

ڕۆماننووسەکان نزیکەی هەموویان نەیاندەویست بەرهەمەکانی خۆیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو بکەنەوە چونکە بە بۆچوونی ئەوان ڕۆمان بۆ سەر ئینتەرنێت زۆر درێژن، ئەمە قەناعەتی نەوەی پیرتر بوو. لە لایەکی دییەوە، هەندێک لە وەڵامدەرەوە گەنجترەکان لە ئەو باوەڕە دا بوون کە دەبێ هەموو شتگەلی بە کوردی نووسراو لەسەر ئینتەرنێت بڵاو ببنەوە. ئەوان تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە خوێنەرانی وێژەی کوردی لە سەرانسەری دنیا بەربڵاون و دژوارە کە نووسەران و خوێنەران بە بێ ئینتەرنێت خۆیان بگەیەنن بە یەکتر.

# خۆگەیاندن بە خوێنەران

زۆربەی خوێنەرانی وێژەی کوردی بێگومان لە کوردستانن؛ دوور لە نووسەرانی کورد کەوا لە وڵاتانی باکووریی دەژین. خۆگەیاندن بە خوێنەرانی وێژەی کوردی پێش چەند دەیەیەک کارێکی زۆر دژوار بوو. نە تەنیا لەبەر گرانیی بەهای پەرتووکان لە وڵاتانی باکوورییەوە بۆ پارچە جیاکانی کوردستان، بەڵام هەروەها لەبەر قەدەغە لەسەر پەرتووکگەلی کوردی لە ئێران، سوریا و تورکیا و هەروەها گەمارۆی بازرگانی لەسەر ناردن و وەرگرتنی کەلوپەلان؛ پەرتووکیش لە نێویان دا بۆ عێراق.

سەرەڕای کە قەدەغەی ڕامیاری و ئابووری هەندێک هەڵگیراویش – و هەندێک ماون، بە تایبەتی لە ئێران – گەلێک ئاستەنگ هێشتا هەر هەن.

زۆربەی پەرتووکە کوردییەکان ئەوانەی لە وڵاتانی باکووریی لە لایەن وەشانخانە بچووکەکان بە توانای دارایی سنووردارە بە بێ هیچ دەرفەت یان پلانی بانگەشەبۆکردن بڵاو کراونەوە. گەلێک نووسەر ناچارن کە خۆیان پەرتووکەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە بە بێ هیچ بودجەیەکی بۆتەرخانکراو بۆ گەیاندیان بە بازاڕ. لەبەر دەرفەتگەلی سنووردار گەلێک نووسەر و وەشانخانە ڕێژەیەکی کەم لە هەر پەرتووکێک بڵاو دەکەنەوە، لە نێوان ١٠٠ تا ١٠٠٠ تیراژ.

بۆیە زۆربەی بەرهەمە بڵاوکراوەکان پاش ماوەیەکی کورت ئیدی بۆ کڕینیان دەستناکەون. بە دەیان وەشانخانەی بچووک

پەرتووکگەلی کوردییان لە وڵاتانی باکووریی بڵاو کردووەتەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و سەرەتای ٢٠١٠ دا، هەندێکیان چەند سەد پەرتووکێک (بۆ وێنە وەشانخانەکانی "نوودەم" و "پەنجنار") هەندێکیان بە دەیان (بۆ وێنە وەشانخانەکانی "هەڵوەست" و "وەشانێن وەلات") هەندێکیشیان تەنیا چەند پەرتووکێک (بۆ وێنە وەشانخانەی "خانیوباتەیی" لە کۆپنهاگ). بەڵام ئێستا هیچ لە ئەو وەشانخانانە کار ناکەن. ئەمە تەنیا واتەی ئەوە نییە کە ئەوان ئیدی پەرتووکی نوێ بڵاو ناکەنەوە، بەڵام هەروەها پەرتووکگەلی ئەو وەشانخانانە کە کۆنیشن لە هیچ شوێنێک دەست ناکەون.

گەلێک لە نووسەران پێویستییان بە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکانی خۆیانە تاکو بیانخەنە بەر دەست پاش ئەوەی کە وەشانخانەکانی ئەوان هی پێشوو لە کار کەوتوون. هەندێک بەرهەمگەلی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ لە وڵاتانی باکووریی چاپ کرابوون؛ دیسان بڵاو کرابوونەوە لە ساڵانی ٢٠٠٠ لە تورکیا و عێراق. بەڵام هەموو نووسەران ئەم هەلەیان نییە دیسان پەرتووکەکانی خۆیان چاپ بکەن چونکە تەنانەت بڵاوکردنەوەی بەرهەمگەلی نوێش زۆر بە ئاستەنگە و یارمەتی ئەوان نادرێ بۆ چاپکردن؛ ئینجا یارمەتی نووسەریی لە لایەکی دییەوە.

گەلێک لە وەڵامدەرەوەکانی ئەم ڕاپرسییە گلەیی و گازندەی ئەوە دەکەن کە بڵاوکردنەوە یان بانگەشەبۆکردنی بەرهەمە وێژەییە کوردییەکان نە هەردەم لە گوێرەی جۆرێتیی وێژەی ئەوان دایە. ئەوان گوتیان کە بڵاوکردنەوە پتر گرێدراوی توانای نووسەران بۆ خۆگەیاندن بە وەشانخانەکان، دەزگەکانی چاندی و – بە تایبەتی لە دەڤەرە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین – هاوبەندیی لەگەڵ بڕیاردەرانی ڕامیاریی یە.

گەلێکیان گلەییان کرد کە بەرهەمەکانی نووسەرانی باشناسراو ساڵ بە ساڵ بڵاو دەکرێنەوە و بانگەشەیان بۆ دەکرێ سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان هیچ بەرهەمێکی نوێ نانووسن، بەڵام نووسەرانی نوێ بە گشتی پشتگوێ دەخرێن.

لەکارکەوتنی وەشانخانە کۆنە کوردییەکان سەرهەڵدانی هەندێکی نوێ لە وڵاتانی باکووریی وەک شتێکی زۆر پێویست بینرا لە لایەن وەڵامدەرەوەکانەوە. هۆکارەکانی ئەمە ئەوەیە کە زۆربەی وەشانخانەکان لە لایەن تەنیا کەسێکی دڵخوازەوە بەڕێوە دەبرێن، کە بە گشتی ناپیشەمەندن بە بێ شارەزاییەکی پێشتر لە بوارەکە دا، ئینجا خوێندەواریی لە ئەو بوارە دا بە تەواویی لە لایەکی.

بە بۆچوونی وەڵامدەرەوەکان؛ پەرتووکخانە گەلێک گرنگن بۆ پاراستن و هەڵگرتنی پەرتووکگەلی کوردیی بڵاوکراوە و بەردەستکردنیان بۆ خوێنەران سەرەڕای گۆڕانکاریی بواری بڵاوکردنەوەی کوردیش. پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم (کوردیسک بیبلیۆتێکت)(٣٣) وەک ڕۆڵگێڕی سەرەکی لە پاراستنی پەرتووکگەلی کوردی دا باسی لێوە کرا کە گەلێک لە ئەو پەرتووکانە ئیدی لە هیچ شوێنێکی دیی دنیا پەیدا نابن. دوو لە وەڵامدەرەوەکان گوتیان کە پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم (پەرتووکخانەی نەتەوەییی کوردی)یە بێ هیچ هاوتایەک تەنانەت لە کوردستانیش.

پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم بە گوێرەی سیستەمی پەرتووکخانەکانی سوید کار دەکا. ئەو پەرتووکخانە یە پەرتووکان بە سپاردن دەدا بە خوێنەران لە سەرانسەری سوید. وەڵامدەرەوە نیشتەجێکانی وڵاتانی دیی باکووریی گلەییان لە ئەوە کرد کە ناتوانن لە ئەم پەرتووکخانە یە پەرتووکان بە سپاردن وەربگرن. سەرۆکی پەرتووکخانەکە پێشوازیی لە ئەو ڕامانە کرد و مەیدانی چالاکییەکانی پەرتووکخانەکە بەرفراوان دەبێ و هیوای هاوکاریی لەگەڵ پەرتووکخانە نەتەوەییەکنی وڵاتانی باکووریی کرد بۆ داشیانی ئەوە، بۆ وێنە لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجوومەنی شالیارانی باکووریی (Nordic Council Of Ministries) .

# پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون

هەموو نووسەرانی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان دایەوە یان وتووێژیان لەگەڵ دا کرا؛ لە کوردستان یان لە دەڤەرە کوردنشینەکانی دی لەدایک بووبوون. ئەوان هەموویان تا ڕادەیەک پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی یان دەڤەرەکانی لێوەی هاتوون پاراستووە، هەندێکیان تەنانەت پەیوەندییان لەگەڵ دەڤەرەکانی دیش کە کوردنشینن هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق.

هەندێکیان بە بەردەوامی سەردانی دەڤەرە کوردییەکان دەکەن و جارجار پەرتووکگەلی خۆیان لەوێ بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت خۆشیان بڵاویان دەکەنەوە. هەندێکیان ناوێرن سەردانی وڵاتەکانیان بکەنەوە لەبەر ترسی چەوساندنەوە لە لایەن حکوومەتەکانیانەوە (بە تایبەتی لە ئێران و تورکیا) یان لەبەر ڕەوشی نائاسایشی دەڤەرەکانیان (بە تایبەت لە عێراق و سوریا کە جەنگ هەیە).

لە ماوەی هەموو سەدەی بیستەم دا بڵاوکردنەوە و چاپکردن بە زمانی کوردی یان بە سەختی سنووردار کرابوو (لە ئێران و سوریا) یان بە تەواویی قەدەغە بوو (لە تورکیا)(٣٤). تەنیا لە عێراق ڕێژەیەک ئازادی بۆ زمان و وێژەی کوردی هەبوو، بەڵام لە لایەکی دی ڕەوشی ئاساییش لە هەرێمی کوردنشینی کوردستانی عێراق تەنانەت لە وڵاتەکانی دیش خراپتر بوو لەبەر هەڵوێستی توندی حکوومەتی عێراق دژی داخوازیی کوردان بۆ ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانتر.

نووسەرانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان پێشتر زۆربەیان ناچار بوون پەرتووکەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات بە چاپ بگەیەنن، پاش یەکەمین شەپۆلی کوردانی کارکەر لە تورکیاوە بۆ بازاڕی ئەورووپا لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ و هاتنی پەنابەرانی کورد لە عێراقەوە بۆ ئەورووپا ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ بە سەدان پەرتووکی کوردی لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەورووپا، بە تایبەتی لە سوید و ئەڵمانیا چاپ کران. ساڵانی ١٩٩٠ ڕێژەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە ئەورووپا چاپ دەبوون، زۆربەیان لە سوید. سەرەڕای کە هەندێک لە وان کورتەهەواڵی ڕۆژانە و ڕامیاریشیان بڵاو دەکردەوە؛ زۆربەیان بایەخی سەرەکییان دەدا بە چاند و وێژە.

بەڵام نووسەرانی کورد نەیاندەتوانی خۆیان بگەیەنن بە زۆربەی خوێنەران کە لە کوردستان بوون. یان بڵاوکردنەوەی پەرتووکان لە ئەو دەڤەرە کوردیانە قەدەغە بوو (لە ئێران، سوریا و تورکیا) یان زۆر سەخت بوو (لە عێراق لەبەر گەمارۆی ئابووریی زلهێزانی ڕۆژئاوا کە خستبوویانە سەر حکوومەتی عێراق).

لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠، گەلێک لە ئەو کوردانەی لە تاراوگە دەژیان توانییان پەرتووکگەلی خۆیان لە کوردستانی عێراق چاپ بکەن لەبەر ڕەوشی باشبووی ئابووری لە ئەو هەرێمە. بەڵام لەگەڵ شەپۆلی قەیرانی ئابووریی جیهانی لە ٢٠٠٨ـەوە و لەبەر کوێرەڕێی ڕامیاریی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق، زیانێکی گەورە بە ئابووریی هەرێم گەیشت(٣٥)، کە کاریگەرییەکی دژواری خراپ لە چالاکیی چاندی و وێژەییش کرد.

وڵاتێکی دی کە وێژەی کوردی لێ گەشتر بوو لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دا تورکیا بوو: هەم لە دەڤەرە کوردنشینەکان و هەمیش لە شارە گەورەکانی تورکیا، بە تایبەت لە ئەستەنبووڵ. بەڵام دیسان پاش دەستپێکردنی جەنگ لە نێوان سوپای تورکیا و شۆڕشگێڕانی کورد دا لە ٢٠١٥ و پاش هەڵگەڕانەوەی سەربازیی سەرنەگرتوو لە ٢٠١٦، حکوومەتی تورکیا قینی سەدساڵەی خۆی دژی زمانی کوردی دووبارە کردەوە(٣٦) و تەنیا ڕێ بە پڕوپاگەندەی نەتەوەپەرستیی تورکی و ئیسلامی بە ڕێی کەناڵی کوردیی خۆی (TRT Kurdî)دەدا.

# دانووستاندن و هاوکاری لەگەڵ نووسەرانی دی

لە کوردستان کورد و نووسەرانی کورد لە نێوان چەندین وڵاتدا دابەش کراون کە حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە لە پێشترەوە ویستوویانە کە هاموشۆ ودانووستاندن لە نێوان ئەوان دا دژوار بێ بە تایبەتی کاتێک کە مەسەلە چالاکیی چاندی و وێژەیی بن.

لە وڵاتانی باکووریی نووسەرانی کورد لە چوار یان پێنج وڵاتان بڵاو بوونەتەوە، هەندێکیان لە بەشەکانی خوارووی دانیمارک ، هەندێکیان لە سەرووترین بەشی فینلاند، نۆرویژ و سوید دەژین. بەڵام زۆربەیان لە دەوروبەری پایتەختەکانی وڵاتانی باکووریی نیشتەجێ بوونە : لە کۆپنهاگ، هێلسینکی، ئۆسلۆ و بە تایبەت ستۆکهۆڵم. ئەوانەی لە دەرەوەی پایتەختەکان دەژین، بە گشتی لە هەندێک شارە گەورەکانی دی نیشتەجێ بوونە، بۆ وێنە لە "ئارهوس" لە دانیمارک، "بێرگن" نۆرویژ، "یۆتەبۆری" سوید و "تورکو" فینلاند.

نووسەرانی کورد کە لە ستۆکهۆڵم دەژین باسی ئەوەیان کرد کە لە وتوویژ و/یان ڕاپرسییەکە دا؛ کە ئەوان گەلێک جار ڕووبەڕوو نووسەری دیی کورد دەبینن. ئەوان چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەیان هەیە ساڵانە، بۆ وێنە دانیشتنی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوید(٣٧)، سیمینار و ناساندنی پەرتووکان، بە تایبەتی لە پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم، یان یەکتربینینی کەمتر فەرمی لە پەرتووکخانەکان، قاوەخانەکان و خواردنگەکان و هەروەها لە ماڵی یەکتر.

نووسەرانی کورد لە وڵاتانی دیی باکووریی گەلێک کەمتر دەرفەتی یەکتربینینی ڕووبەڕوویان هەیە. لەچاو هەرێمی ستۆکهۆڵم، ڕێژەی نووسەرانی کورد لە دەڤەرەکنی دی گەلێک کەمترە. هیچ جێیەکی دیاریکراو بۆ چالاکیی وێژەیی کوردی لە پایتەختەکانی دیی وڵاتانی باکووریی نین.

لە وتوویژمان بۆ ئەم ڕاپۆرتە گەلێک لە نووسەران گوتیان کە ئەوان بیری چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو، دانووستاندنان و ئاڵوگۆڕکردنی ڕامانی یەکتری دەکەن. هەندێکیان گوتیان کە بە خێری تەکنۆلۆژیای نوێ ئێستا ئاسانترە ئەوان بە ڕێی ڤیدیۆفۆن، ئیمەیڵ و گرۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دانووستاندنان بکەن. ئەوان ڕەوشەکەیان بەراورد کرد بە ساڵانی ١٩٨٠ سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ کە پەیوەندیکردن تەنیا بەڕێی نامەبەری هێدی و تەلەفۆنکردنەوە دەشیا و نووسەران ئەو سەردەمە دەترسان پەیوەندی لەگەڵ ئەو نووسەرانەی لە کوردستان دەژیان بکەن لەبەر ئەوەی بە تەگبیر بوون بۆ ئەوان کێشە درووست بێ لەلایەن حکوومەتەوە.

گەلێک لە وەڵامدەرەوەکان گلەییان لە ئەوە کرد کە دانووستاندن لە نێوان ئەوان و نووسەرانی زمانە فەرمییە سەردەستەکان لە ئەم وڵاتانە یاخوود لەگەڵ نووسەرانی دانیمارکی، فینلاندی، نۆرویژی یان سوویدی گەلێک کەمە، یان هەرگیز نییە.
کەم لە ئەوان ببوون بە هاوڕێی نووسەرانی زمانەکانی باکووریی، سەرەڕای کە ئەوان هەندێک هاوڕێی باکوورییشیان هەیە. بۆ ئەو کەسانەی کە بوون بە هاوڕێی نووسەرانی باکووریی خۆماڵی ئەزمموونی باشیان پەیدا کردووە. هەندێک لە ئەوان لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیان هاوکاریی نووسینیشیان کردووە، بۆ وێنە؛ بە وەرگێرانی بەرهەمەکانی یەکتر.

وەڵامدەرەوەکان هیوایان خواست کە دانووستاندن و ئاڵوگۆڕی ڕامان لە نێوان نووسەرانی زمانی زۆرینە و نووسەرانی زمانانی کەمینەیان دا پتر ببێ. هەندێکیان هیوایان خواست کە نووسەرانی زمانانی کەمینەکانیش بتوانن ببن بە ئەندامی یەکێتی نووسەران لە ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین. لە هەموو وڵاتانی باکووریی ئەمە نەشیاو نییە. بۆ وێنە؛ لە هەردوو یەکێتیی نووسەرانی فینلاند – یەکێتی نووسەرانی فینلاند و کۆمەڵەی نووسەرانی سویدی لە فینلاند – مەرجە کە بە لانیکەمەوە دوو پەرتووکی نووسەرەکە بە زمانی فینلاندی یان سویدی بڵاو کرابنەوە تاکو بتوانێ ببێ بە ئەندام.

# ٣. پێشنیاز

لە ڕاپرسی و وتوویژ بۆ ئەم ڕاپۆرتە دا لە نووسەران و وەرگێرە کوردەکان نە تەنیا پرسی ڕەوشی ئێستا، بەڵام هەروەها پێشنیازەکانی ئەوان بۆ سەبارەت بە باشترکردنی ڕەوشی نووسەری و وەرگێریش کرا.

پێشنیازەکانی خوارەوە لەسەر بنەمای داخوازییەکانی وتوویژ و/یان ڕاپرسیەکەن. هەموو پێشنیازە ڕیزکراوەکان لە لایەن بە لانیکەمەوە سێ کەسی وەڵامدەرەوەوە پێشکەش کراون.

## ١. پێشخستنی خوێندنەوە

با پەرتووکخانە گشتییەکانی وڵاتانی باکووریی و خوێندنگەکانی کە خوێندکرانی کوردی لێ هەن پەرتووکگەلی کوردی (پەرتووکی دەنگییش) بۆ منداڵ و مەزنان بکڕن. دیداری خوێندنەوەی وێژە با ڕێکبخرێن لەگەڵ نووسەران و وەرگێرە کوردەکان و کۆچبەرەکانی دی کە بتوانن پەرتووکەکانی خۆیان بۆ میوانانی پەرتووکخانەکان و خوێندکارانی خوێندنگەکان بخوێننەوە.
یەکێک لە خاڵەکانی گرنگیدان؛ با لەسەر وێژە بە زمانی ئاسان‌نووسراو بێ تاکو هاوکاری کەسانی کێشەی خوێندنەوەشیان هەیە، بکا.

## ٢. یارمەتی بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە

وێژەی کوردی لە وڵاتانی باکووریی پێویستی بە یارمەتیدانی پتر هەیە بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمان . نووسەران پێویستیان بە یارمەتیدان هەیە بۆ چۆنێتی پڕکردنەوەی داخوازینامەکان، و دەبێ نرخێنەری داخوازینامەکانیش ئاگەداری ڕەوشی وێژەی کوردی هەبێ. هەموو بەرهەمەکانی وێژە لە شێوەی پەرتووکی چاپکراو دا نین؛ شێوەی دیش هی بە کەڵکهاتوو بۆ وێنە ماڵپەر، بلۆگ، ڤلۆگ و گرۆ یان پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن کە وێژە بەرهەم دەهێنن یان بڵاوی دەکەنەوە.

## ٣. ڕۆنانی ماتێریاڵگەلی دیژیتاڵی بۆ خوێندکارانی کوردیزمان

مامۆستا و خوێندکاری کورد لە وڵاتانی باکووریی گەلێک پێویستیان بە ماتێریاڵگەلی دیژیتاڵی هەیە بۆ بەکارهێنانی فێربوونی کوردی لە خوێندنگەکان، پەیمانگەکان و زانکۆکان، ڕۆنانی ماتێریاڵگەلی وەها دەتوانرێ بە ڕێی پرۆژەیەکی هاوبەشی وڵاتانی باکووری بێ یان لە لایەن دەستەی پەروەردەیی وڵاتێکەوە بەڕێوە ببرێ، بۆ وێنە؛ وەک لە ڕۆنانی ماتێریاڵگەلی دیژیتاڵی بۆ خوێندنگەکان بە زمانی سۆماڵی لە لایەن دەستەی پەروەردەیی فینلاندەوە.(Opetushallitus, Utbildningsstyrelsen)(٣٨)

## ٤. پێشکەشکردنی نووسەریی ئافرێنەر بۆ نووسەران (نووسەرانی داهاتوو)

با خولی نووسەریی ئافرێنەر ساز بکرێن، بە تایبەتی بۆ گەنجن، بەڵام هەروەها بۆ گەورەساڵانیش، گەلێک کورد پاش بەجێهێشتنی وڵاتەکەیان، ماڵ، بنەماڵە و هاوڕێیانی خۆیانیان و تووشبوونیان بە ژیانی نامۆیی، دەشێ بتوانن کەڵک ببینن لە دەربڕینی بەسەرهات و دەردەسەرییەکانی خۆیان بە ڕێی وێژەوە. خولەکانی نووسەریی ئافرێنەر دەتوانرێ بە کوردی بن لە لایەن نووسەرانی کوردەوە یانیش لە لایەن شارەزایانی ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێبوونە، ئەگەر بشێ بە ڕێی وەرگێرەکان بێ. با بەشداران هان بدرێن کە بە زمانی خۆیان یانیش بە زمانی سەرەکیی ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێبوونە یانیش بە هەردوو زمانەکە بنووسن.

## ٥. بتوانرێ بە سپاردن پەرتووکان لە وڵاتانی دیی باکووریی بۆ هەموو نیشتەجێبووانی وڵاتانی باکووریی بدرێ و ئاسانتر ببێ

پەرتووکخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم یەکێکە لە پەرتووکخانە هەرە مەزنەکان لە هەموو دنیا. ئەو پەرتووکخانە یە پتر لە ١٤٠٠٠ پەرتووکی جودای بە کوردی نووسراو یان بە زمانەکانی دی لەسەر کوردان هەیە، هەروەها بەرهەڤۆکێکی بە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەش. پەرتووکخانەکە لە گوێرەی سیستەمی گشتیی پەرتووکخانەکانی سوید کار دەکا. بەڵام بە سپاردە وەرگرتنی ماتێریاڵگەل لە ئەم پەرتووکخانە یە تەنیا بۆ نیشتەجێبوانی سوید شیاوە. ئەمە دەکاتە ئەوەی کە کوردانی وڵاتانی دیی یان کەسانی کە زمان، چاند یان لەبارەی کۆمەڵگەی کوردییەوە دخوێننەوە یان لێکۆڵینەوە دەکەن نەتوانن سوود لە ئەو بەرهەمانە وەربگرن. با سیستەمێک ئاوا بکرێ کە بە ڕێی پەرتووکخانە نەتەوەییەکان یان فرەزمانی لە وڵاتانی باکووریی مرۆڤ بتوانێ پەرتووکان لە پەرتووکخانەی کوردی بە سپاردن وەربگرێ. پەرتووکخانە یارمەتی دارایی لە شارەوانی ستۆکهۆڵم وەردەگرێ، بەڵام یارمەتییەکە تێری ئەو ناکا و گەلێک پێویستیی بە یارمەتی پتر هەیە تاکو بتوانێ ڕاژەی جەماوەری خۆی بکا. یارمەتییەکی هاوبەشی وڵاتانی باکووریی بۆ ئەم پەرتووکخانە یە سوودبەخش دەبێ.

## ٦. ئامادەکردنی پلانێکی وەرگێڕانی وێژە لە نێوان کوردی و زمانانی باکووریی دا

ئێستا وەرگێرانی وێژەی باکووریی بۆ زمانی کوردی بە گشتی بە بێ هیچ بەرنامەیەکی گشتی و بێلایەن دەکرێ. با بەرنامەیەک یان پرۆژەیەک ئامادە بکرێ کەوا چ بەرهەمگەلی وێژەیی گرنگە کە لە زمانە سەردەستەکانی باکوورییەوە (دانیمارکی، فینلاندی، نۆرویژی و سویدی) بۆ کوردی وەربگێڕرێن و چ بەرهەمگەلی کوردیش بۆ زمانەکانی باکووریی. یانیش، لە هەر وڵاتێکی باکووریی با بەرنامەیەکی جیا بۆ وەرگەڕاندنی وێژە لە زمانەکانی باکووریی و لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی باکووریی ئامادە بکرێ. بەرنامەی وەرگەڕاندن دەتوانێ هەروەها پلانێکی بەرفراوانتری وەرگەڕاندنی زمانە فەرمییەکان بۆ زمانەکانی کۆچبەران بێ. با لە بەرنامەکە دا هەم بەرهەمگەلی کلاسیک و هەمیش هی نوێگەر هەبن. با هەندێک لە بەرهەمە وەرگێڕاوەکان بۆ گەورەساڵان و هەندێک بۆ هەرزەکاران و هەندێکیش بۆ منداڵان بن یان بۆ دایکانوباوکان کە بۆیان بخوێننەوە. با بەرنامەی وەرگەڕاندن نە تەنیا لەسەر وەرگەڕاندن لە زمانانی باکوورییەوە بێ بۆ کوردی، بەڵام هەروەها لە کوردیشەوە بۆ زمانانی باکووریی بێ.

## ٧. ئافراندنی مەیدانێکی ڤێرژواڵ بۆ نووسەرە کۆچبەرەکان

با مەیدانێکی ڤێرژواڵ بۆ نووسەرە کۆچبەرەکان لە هەر وڵاتێکی باکووریی ئاوا بکرێ و بەڕێوە ببرێ. با لە ماڵپەڕێکی وەها دا هەم بەشێک بۆ نووسراوەکانی بە زمانانی کۆچبەران و هەمیش بەشێک بۆ ناساندنی نووسەرانی کۆچبەر هەبێ و پارچەبەرهەمەکانیان بۆ زمانە سەرەکییەکانی باکووریی و/یان بۆ ئینگلیزی وەربگێڕرێن.

## ٨. دەرفەتی ئەندامبوون لە یەکێتیی نووسەران دا

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوید با فراوان بکرێ و ببێ بە یەکێتیی نووسەران و وەرگێرانی وێژەی کورد لە هەموو وڵاتانی باکووریی. با دەرفەتی ئەندامبوون لە یەکێتیی نووسەرانی وڵاتانی باکووریی دا بۆ نووسەرانی کەمینەکان و کۆچبەرنیش برەخسێنرێ، لە ناویان دا بۆ نووسەران و وەرگێڕە کوردەکانیش. چالاکیی بەیەکترناساندنی نووسەرانی زمانانی سەردەست و کەمینەکان/کۆچبەران با ساز بکرێن و/یان پێش بخرێن.